رۆژنامەگەری کوردی لە بەردەم دوو پرسیار دا

ئا: پرس

لەیادی (١١٠) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا کە ڕێککەوتی (٤/٢٢)ە، بۆ قسەکردن وخوێندنەوەی مێژوو و ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەم تەوەرەمان بۆ ئەم بەڕێزانە کردەوەو بەم جۆرە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەیان داینەوە:

زۆرجار دەگوترێت ئێمەی ڕۆژنامەنووسان مێژوویەکی سەد ساڵەی ئەزموون و کارکردنمان لەو بواردا هەیە، مادام وایە، ئایا ڕۆژنامەگەری کوردی لەکوێی ئاست و ئەزموونی ڕۆژنامەگەری جیهانیدایە؟

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نوێنەری ڕۆژنامەنووسانە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، کەواتە دەبێت هێزی یەکەمی فشار و بەدیهێنانی خواستی ڕۆژنامەنووسان بێت، ئایا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هیچی بۆ ڕۆژنامەنووسان کردووە؟

حامید محەمەد عەلی، سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان:

* ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانی بەشێک بووە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و، ئەمەش بەرووبی لە مێژووی لە دایبکوون و گەسەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی دا دیارەو، هەڵگرتنی یاخود ناونانی (کوردستان) لە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و دەرچوونی لە دەرەوەی خاکی کوردستان، ناسنامەی ڕۆژنامەکەو ڕاستی ئەو قسەیەمان دەسەلمێنێ، هەربۆیە دەبینی ڕۆژنامەگەری کوردی کە تەمەنی وا گەیشتە (١١٠) ساڵ، لەو ماوەیەدا بەچەندین هەورزاو نشێودا گوزەری کردووەو، واقیعی سیاسی کوردستان و هەڵوێستی ستەمکارانەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەرگیز بواری ئەوەی نەداوە کە ڕۆژنامەگەری کوردی بەشێوەیەکی سروشتی گەشەبکات و قۆناغەکانی خۆی ببڕێ، چونکە بەڕاستی ڕۆژنامەگەری لە هەر وڵاتێک و لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیەو، گەلی کوردیش بەحوکمی ژێردەستەیی و چەوسانەوەو سەرکوتکردنەوە، نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ڕۆژنامەگەرییەکی ساغڵەم و بەردەوامی لە ململانێ ی بوون و نەبووندا بووە، بۆیە ئەگەر تەماشای قۆناغە مێژوویەکانی گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەی، دەبنین دابڕان و هەڵبەز و دابەزی زۆری تێدایە، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم دا لەم بەشەی کوردستان و بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی لە سایەی حکوومدارێتی (شێخ مەحموود حەفید) دا گەشەسەندێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، دوای ئەمەش قۆناغێکی تر لە گەشەسەندنی لەسەردەمی کۆماری کوردستان (شەهید قازی محەمەد) دا لە مەهابادو ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا، بە لەناو چوونی ئەو دوو ئەزموونە سیاسیە، ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردیش ڕووبەڕووی نسکۆ و داڕمان بووە وە، تاساڵی حەفتای سەدەی پێشوو کە دیسان بەهۆی دەرچوونی بەیاننامەی (١١) ی ئازارەوە ڕۆژنامەگەری کوردی بەتایبەت لەم بەشەی کوردستان جارێکی تر بوژایەوە، هەروەها کاریگەری لەسەر بەشەکانی تریش بەجێ هێشت.

بێگومان قۆناغی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەگەشترین و گەورەترین و بەتەمەنترین قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی دەژمێردرێت، بۆیە من هەمیشە وتوومەو لە توێژینەوەی ماستەریشدا دووبارەم کردۆتەوە، کە ئەگەر بمانەوێت مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بنوسینەوە، وێڕای ئەو قۆناغە کەباسم کرد، دەبێ ئەو مێژووە بکەین بەدوو قۆناغی سەرەکیەوە، (قۆناغی پێش ڕاپەڕین و قۆناغی پاش ڕاپەڕین).. سەبارەت بەوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئاستی پێویستدا گەشەی نەکردووە و لە چوارچێوەیەکی سنوردارداد دەخوڵێتەوە، بە بۆچوونی من تەنها ڕەوشی سیاسی و ڕەخساندنی ئازادی بەس نین بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری گەشەبکات، ئەگەر چی ئەوانە پایەو بنەمای گرنگن، بەڵکو پێویستە زەوینەی ئابووری ڕۆشنبیری و کرانەوە بەرووی دەورووبەرو، هەروەها ئاستی پیشەیی ڕۆژنانووسانیش لەبەر چاوبگرین، کە هیچ کام لەم بنەمایانە بەسروشتی و بەتەواوەتی نەڕەخساون لەوڵاتی ئێمەدا، دیارە مانەوەی سێبیەری حیزب و ململانێی ئایدۆلۆجی و لاوازی پێوەرە پیشەییەکان، هەموو هۆکارن بۆ ئەو حاڵەتەو بێگومان چەند ساڵێکی دەوێ.

* بێگومان سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەو ڕۆژەوە کە دامەزراوە لە نیسانی (١٩٩٨) خۆی بەسەندیکای تێکڕای ڕۆژنانووسان زانیوەو بەردەوام لە ئەدەبیاتی خۆیدا جەختی لەسەر ئەو مەسەلەیە کردۆتەوە، هەروەها بەعەمەلی ئەوەی سەلماندوە و زۆرجار داکۆکی توندی لە ڕۆژنانووسان کردووە لەبەرامبەر دەسەڵات و دادگادا کە ئەندامی سەندیکاش نەبووە، ئەمە جگە لە زۆر بواری تر کە لەوانەیە لێرە نەتوانم هەمووی باس بکەم. من دەڵێم ڕۆژنامەنوسان زۆر ئاساییەو مافی خۆیانە ڕەخنە لە ئەدای سەندیکاکەیان بگرن، بەڵام لە نزیکەوە و بە ئاگاداری وبەوڵگەوە، نەک تفەنگ بەتاریکیەوەنان، من لێرەدا باسی دەسکەوتەکانی سەندیکا ناکەم بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵکو داوا لەو ڕۆژنانووسە بەڕێزانە دەکەم کە گلەیی و گازەندەیان هەیە، با نیو سەعات لەکاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوی ئەو ڕاپۆرتەگشتییەی کە ئەنجومەنی سەندیکا بۆ کۆنگرەی دووەمی ئامادەی کردبوو، کە هەفتەیەک پێش کۆنگرە دابەشکرا بەسەر ئەندامانی کۆنگرەدا کە ژمارەیان نزیکەی (٣٥٠) ڕۆژنانووس بوو، هەروەها دواتریش لە گۆڤاری (السحفی) سەندیکادا بڵاوکرایەوە... ئێمە ئامادەین لە بارەگای سەندیکا کە ماڵی هەموو ڕۆژنانووسانە — پێشوازی لە هەر ڕۆژنامەنوسێک بکەین و، وەڵامی پرسیارەکانی بدەینەوە.

سەبارەت بە پرۆژە یاساکەی کە سەندیکا ئامادەی کردووە نزیکەی ساڵ و نیوێک پێوەی خەریک بووین، ئەویش بەهاوکاری ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی پسپۆر و یاساناس و مامۆستای زانکۆ ئامادەکرا، هەموولا دەزانن کە ئێمە چەندین جار لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەو پرۆژەیەمان بە (کوردی و عەرەبی) بڵاو کردەوەو، لە تێکڕای شارەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها لە (بەغداو لەندەن) یش کۆڕ و سیمیناری فراوانی بۆ سازکراوە، بوار بەهەموو کەس درا کە ڕاوسەرنجی خۆی لەسەری دەبڕێ و دەوڵەمەندی بکات، دواجاریش لە سەنتەری ڕۆشنیری زانکۆی سەڵاحەدین لە ٢٠٠٦/٩/١٦ گەورەترین سیمیناری بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە سازکرا، کە زیاتر لە (١٥٠) ڕۆژنامەنووس و نووسەر و پەرلەمانتار و مامۆستای زانکۆ بەشداریان تێداکردوە، هەروەهاپاش پەسەندکردنی یاساکەش بەو دەسکارییانەوە کە پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی داو، بووە مایەی ناڕەزایی و نیگەرانی ئێمەو ڕۆژنامەنووسان، ئەنجومەنی سەندیکا چ لە کۆنگرە و چ پاش کۆنگرە بەردەوام لە کۆڕو سیمیناری فراواندا ڕاو سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی وەرگرتووە کە دواجار لە ٢٠٠٨/٢/٩ کۆڕێک بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەهلی و حیزبیەکان سازکراو، تێکڕای ڕاوسەرنجی بەشداربووان کرایە یاداشتێک و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرا.

لای هەموانیش ڕوونەو ئاشکرایە کە لەگەڵ دەرچوونی یاساکەدا لەلایەک پەرلەمانەوە، ئەنجومەنی سەندیکا سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردو نیگەرانی خۆی لەسەر یاساکە پێ ڕاگەیاند و داوای کرد کە بەڕێزیان دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەکاربهێنێ و ئیمزای یاساکەی پەرلەمان نەکات و بیگێڕێتەوە بۆیان یان بۆ ئەوەی جارێکی تر هەموارى بکەنەوە بەجۆرێک کە نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی ڕۆژنانووسی دا، ئەوەبوو خۆشبەختانە بەڕێز سەرۆکی هەرێم داواکەی قبوڵکردووتی (من ئیمزا لەسەریاسایەک نەکەم کە ڕێگە لە ئازادی ڕۆژنامەنووس بگرێت) لە دووا هەوڵیشدا ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی کوردستانی کرد بەمەبەستی کۆکرنەوەی پاڵپشتی و هاودەنگی بۆ هەموارکردنی یاسای کاری ڕۆژنانووسی.....

ئاکۆ محەممەد، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕۆداو):

* بەڕاوردکردنی ڕۆژنامەڤانی کوردی بە ڕۆژنامەڤانی جیهانی،ئەگەر ڕۆژنامەڤانێکی بیانی بیکردبایە باشتر لە ئێمە دەیتوانی جێی ڕۆژنامەڤانی ئێمە لەسەر ئەو نەخشەیە دیاریبکات،ئەگەر جێمان هەبێ بەڵام بەگشتی مادام خۆمانین ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین دەبێ دان بەهەندێ ڕاستیدابنێین.

ڕۆژنامەڤانی کوردی بە ڕۆژنامەڤانی ئەهلی دەستیپێکرد،لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە،دواتر بەردەوامیەکەشی بەوشێوەیە بوویان بەشێوەیەک بوو کە دەوڵەتە ئەوروپییە داگیرکەرەکان هەندێ جار لەپشتی بوونە دواتر لە گەڵ دروستبوونی حیزبەکان قۆناخی ڕۆژنامەڤانی حیزبی دەستیپێکرد دوای ئەوەش لە گەڵ شۆڕش و ڕاپەڕینە چەکدارییەکان ڕۆژنامەگەری شاخ دەستیپێکرد،لەو لاشەوە لە باشووری کوردستان ڕۆژنامەڤانی سەر بە دەوڵەتیش دەستیپێکرد. بۆیەش لەبەر بندەستی و ناسەقامگیری دۆخی کوردستان مێژووی ڕۆژنامەڤانی کوردی بە هێڵێکی چەسپاودا نەڕۆیشتووە ئەوە پاساو بۆ هێندێک لە دواکەوتوویەکەی دێنێتەوە.

ڕاپەڕین ڕۆژنامەگەری شاخی هێنایەوە ناو شار، لەو نێودا ئەو ڕۆژنامانەی توانیان خۆیان بگونجێنن و پێشبخەن کەمبوون، من لە ١٩٩٢ تاوەکو ١٩٩٤ تەنیا ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی دەبینم توانیبێتی لەو ماوەیەدا پێشکەوتووتر لەوانیدیکە دیاریبێت دوای ئەوە کاری ڕاپۆرتی جوانی ڕۆژنامەنووسیم لە ٣٧ ژمارەی (گوڵان)دا بینی ئەوانەی لەسەر کێشە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ جار سیاسییەکانیش دەنووسران.

دوای خاوبوونەوە،یاخود نەمانی شەپی براکوژی قۆناخێکی تازە دەستیپێکردووە، کە ڕۆژنامەکان پرسیاری پێشکەوتن و دواکەوتوویی خۆیان دەکەن،ئەوەش هەنگاوێکە بەرەو چاکبوون. بەڵام هەموو ئەمانە هێشتا واینەکردووە کە ڕۆژنامەڤانانی بیانی و دەزگاکانیان،نەک خوێنەر خۆی ناچاربینێ خۆی فێری زمانی کوردی بکات تاوەکو ئاگاداری هەواڵ و زانیارییەکانی ناو ڕۆژنامەکانی کوردستان بن تەنانەت تا ئێستا سیاسییەکانی کوردستانیش بۆ ئەوەی دەنگ و ڕای خۆیان بگەیێننە دەرەوە پەنا دەبەنە بەر ڕاگەیاندنی بیانی.

ڕۆژنامەڤانی کوردی لەنێو بڵاوکردنەوەی ڕەشبینی و،پەسنداندا خەریکە دەچێتە خانەی بەرەیی سیاسیەوە و، لەکاری خۆی کە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری زانیارییە بە خەڵک دوورەدەکەوێتەوە.

بۆیە لەبەر زۆر هۆی دیکە،دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەڤانی کوردستان لە سەرووی جیهان هەیە، بەڵام لەنێو ڕۆژنامەڤانی جیهانیدا ڕۆژنامەڤانییەکی هەستپێکراو نییە .هەروەها ڕۆژنامەڤانییەک نییە بەپێی ستاندارد جیهانییەکان بەڕێوەبچێ.

* من بێگومانم لەوەی سەندیکا ئەوکاتەی بیر لە دامەزراندنی کرایەوەو دامەزرا،ئامانجی ئەوەبووە ماف و دەستکەوت بۆ ڕۆژنامەڤانان دابین بکات و بەرگرییان لێبکات .دواتریش هەندێجار سست بووە یان شێوەی هەڵبژاردنەکەی لە کۆنگرەکاندا بە لیستی تەوافوقی بووە، ئەوە شتێکی دیکەیە و جێی ڕەخنەیە .هەندێ کاری دیکەی جێی ڕەخنەیە لاریم لەسەر ئەوەش نییە کە سەندیکا لە هەندێ ڕووەوە ڕەخنەی لەسەرە.

بەڵام وەکودیکە ئەوەی من سەرنجم دابێتە کاری سەندیکا،بەڕاستی خۆی لە بەرگریکردن لە ڕۆژنامەڤانان نەبواردووە. ڕۆژنامەڤانێک کە درابێتە دادگا و سەندیکا ئاگاداریووبێ،دوور لەوەی کە تەماشای ئەوە بکرێ کێشەی لەگەڵ کێیە و کێ لەسەر هەقە، سەندیکا پارێزەری بۆ ڕۆژنامەنووس گرتووەو بەرگری لێکردووە .دواتر لەکاتی پەسەندکردنی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بە دەستێوەردراوی لە پەرلەمان،سەندیکا لە پێشەوەی ناڕازیبووانداد کاری دەستپێشکەرانەی کرد.لە بردنی ناوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ناو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و کردنی سەندیکا لەپاڵ سەندیکاکانی خاوەن دەوڵەتدا بە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا دەسکەوتێکی زۆر گرنگە.

لەوانەیە سەندیکا بۆ دروستکردنی فشار زۆر کاریگەر نەبووبێ،بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کاری سەندیکایی لە کوردستان تازەیە، لەپاڵ بێدەنگی سەندیکاکانی دیکەدا، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئەوەندەی کردووە بۆ چالاککردنی سەندیکاش زۆر گرنگە ئەوانەی دەتوانن پەرە بە کاری ئەو سەندیکایە بدەن و ڕەخنەیان لێی هەیە بێن بەشداری ببن و چالاکی بکەن.

بیستون نوری، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (جەماوەر):

ناکرێ ئێمە ڕۆژنامەگەری کوردی لە تەواوی کایە و پرۆسە و بزاوتەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی جیا بکەینەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ بزانین ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوێی ڕۆژنامەگەری جیهانیدایە، دەبێ بزانین ئەو هۆ و هۆکارانەی دەبنە هۆی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی تا چەند لە کۆمەڵگای ئێمە فەراهەمن.

لە هەموو دنیا یاسا بۆ ڕێکخستن و پێشخستنی ڕۆژنامەگەری دادەڕێژرێ، لای ئێمە یاسای کۆن و نوێ بۆ زەندەقبردنی ڕۆژنامەنوسان دانراوە و لە هەر بەندێکدا شیشەکانی زیندان و دەمکوتکردن و غەرامە دەبینیەوە، ئەوە بە قسەی دارێژەرانی یاساکە ئەگەر تەشهیرت کرد و خەتی سورت بەزاند، لێرەش خەتی سور ئەوەندە زۆر و تۆخن بە ئاستەم دەتوانی لەو خەتانە نەدەی و خۆت نەخەیە زیندان. ئەوە جگە لە تەشهیر کە هەندێ جار نوسینێک ئەگەر بە زمانێکی زیر نوسرابێ، یەکسەر بەوە تۆمەتبار دەکرێی کە تەشهیرت کردووە. لە لایەکی دیکە کۆمەڵگای ئێمە چ لە ڕووی ڕێژەی خوێندەواری، چ لە ڕووی داخراوەیی، چ لە ڕووی گرنگیدان بە خوێندنەوە، ئەو کۆمەڵگایە نییە کە ڕۆژنامە تێیدا گەشە بکات و کاریگەری زۆری هەبێ، حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی کوردستانیش ڕەخنەیەکی زۆر خاتردارانەی دەوێ و دەیەوێ لەگەڵ دنیایەک مەدح و سەنا، ئینجا پێی بڵێی گەورەم. سەرەوەرم ئەگەر پێت دەکرێ و ئارەزوو دەکەی و بۆت دەردێنێ و بمبوری ئەو کەموکوڕیەشت هەیە! هەرچەندە دەزانین تۆ لە ئێمە خەمخۆرتری، بەڵام بیرهێنانەوەش خراپ نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنوسی کورد ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی کوردستانیش دەکا و خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ و زۆرجار لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی گشتی قوربانی بە لایەنی پیشەیی داوە.. ئەوە جگە لەوەی ڕۆژنامەنوسی کورد بە شێوەیەکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵی لە بوارەکە کارناکات و تەنها ئارەزوویەک هێناویەتییە ئەو بوارە و مومارەسەی کردووە، هەموو ئەوانە وا دەکات هەست بکەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە چاو ڕۆژنامەگەری جیهانیدا زۆر دەسکورتە، چونکە کۆی کۆمەڵگای کوردی بە هەموو بوارەکانییەوە لە ئاستێکە بڕستی پێشکەوتن لە بزاوتە مەدەنی و دیموکراسییەکان دەگرێ.

ڕەنگە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لە لایەنی مادییەوە شتێکی بۆ ڕۆژنامەنوسان کردبێ، بە تایبەتی لەمەسەلەی وەرگرتنی پارچە زەوی، وەک لەسەروەختی ئەنجامدانی دوایین کۆنگرەیان داوای ئابوونەی ساڵانەیان لە ئەندامانیان دەکرد، ڕۆژنامەنوسێک دەیگوت من ئابوونە نادەم، چونکە خێری سەندیکا پارچە زەویەکەیە و ئەویشم وەرگرتووە. بەڵام لە بواری دیکەی وەکو پشتگیریکردن لە ڕۆژنامەنوسان لەکاتی دروستبوونی کێشە سیاسی و یاساییەکاندا، ڕەنگە لە ئاستی داخوازی ڕۆژنامەنوسان نەبووبێ، ئەمەش بە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی نەقیب و ستافی سەندیکا، بەڵکو ئەو واقیعەی کە لە کوردستان هەیە، ڕێگە بە هیچ ڕێکخراو و سەندیکایەک نادات ڕۆڵی گرنگی خۆی ببینێ، ئەگەرنا من شایەتی ئەوە دەدەم لە چەند قەزیەیەکی ڕۆژنامەنوسان کاک فەرهاد و کاک زیرەک بە جدی بەدوای قەزیەکانەوە بوون.

کاوە نادر قادر، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (میدیا):

* ڕۆژنامەگەری کوردی سەرەڕای ئەو مێژووە دوور و درێژەی هەیەتی لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ڕەنگە لە ڕۆژنامەگەری وڵاتانی دیکەدا بەنێت ڕۆژنامەگەری لە هەندەران و دەرەوەی کوردستان لە دایک بووە، ئەوجا پتر مۆرکی حیزبایەتی بەخۆوە بینیوە تەنیا لە هەندێ وێستگەی کورتخایەن نەبێت، ئەوەی دەتوانین قسەی لە سەر بکەین ماوەی دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ی خەڵکی باشووری کوردستانە سەرەڕای هەموو سستی و کەم و کوڕییەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوە کورتە نسبیدا، بە هەنگاوی کراوە و بەرچاو چووتە پێش لە ئاستێکی باشدایە بەتایبەتی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیا هاوکار و هاندەری بووە و ڕێگای ئەو چوونە پێشە خێرایەی بۆ خۆش کردووە، بۆیەگەربەپێی پێوەرە ستاندەرەکانی ڕۆژنامەگەریی سەیری بکەین ئەوا ڕۆژنامەگەری کوردیش شەقلی خۆی هەیە و لە ئاستێکدایە دەکرێت لە داهاتوودا گرەوی لەسەر بکرێ، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو خۆی ڕزگار بکات لە کەم و کوڕییەکانی وەک دەسەڵاتی چوارەم ڕێچەکی خۆی بگرێ و کاریگەری هەبێت لە پرۆسەی ژیانی سیاسیی و ڕۆشنبیری داهاتوودا.

* لە ڕاستیدا سەندیکای ڕۆژنامەگەری هەندێ شتی بۆ ڕۆژنامەنووسان کردووە ناکرێ نکۆڵیشی لێ بکرێ و هەوڵیش دەدا لەوە باشتر بێ، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ ڕووی نێگەتیڤانەو کەم و کوڕی نەبێت، بە تایبەتی ئەقڵییەتی حیزبسالاری و کۆنترۆڵ کردنی لە لایەن ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە، زۆر پرۆسە و لایەنی گەشەداری یەک خستووە و وای لێ کردووە ڕێچکەی ئاسایی خوی نەگرێ و لەجغزێک سووڕپخواتەوە کە سروشتی نییە یاخود بە نامۆیی و نا ئاسایی بێتە بەرچاو..

.....

بێ ڕەوش

ئەلەند

*لەبەردەم کولێژی کارگێڕی و ئابووری سێ سەیارەی قوتابیان دزران بەبێ ئەوەی پۆلیس یەك دزیش بگرێت. دکتۆرێکی زانکۆی .... لە هەموو ژیانی یەك کتێبی لەسەر جوگرافیانوسیوە، کەچی کتێبەکەی کردۆتە مەنهەجی خوێندن و دەبێت قوتابیش کێتێبەکەی بکڕێت بەهەر نرخێك بێ.

* لە مزگەوتێك لە هەولێر دوو تاعزیە بەرێوەدەچوو، لافیتەیەکیان بەرەنگی سەوز نووسرابوو، یەکێکی کەشیان بەرەنگی زەرد. لەو ڕۆژانە بەناو هونەرمەندێك لە کەناڵێکی سەتەلایت دیدارێکی هەبوو دەیگووت، بڕواتان بێت وڵاتی تاران ئەوەندە خۆشە، باڵای وایەو شاخی وایە، کاکی بێژەریش ئەوەندە دەبەنگ بوو نەیدەزانی هەڵەکەی بۆ ڕاستبکاتەوە.

* لە هوتێلێکی ..... خاوەنی ئوتێلەکە، کە مەسئولێکی گەورەیە بەکرێکارەکانی گووتەوە، خوائاگاداره ئیشی باش نەکەن ئێوە دەردەکەم و کرێکارە بەنگلادیشیەکان دێنم، شایانی باسە ناوبراو کە لەڕاگەیاندەکان دەردەکەوێت بە زمانێکی فول کوردپەروەری دەکات. کۆمپانیایەك لە بانگەوازێکیدا بۆ وەرگرتنی کارمەندی تازە، یەکێك لەمەرجە عەجایبەکانی دەڵێت، دەبێت کەسەکە شارەزاییەکی باشی هەبێت لە کرینی باشترین جۆر بە کەمترین نرخ.

* کادیرێکی حیزبی لە بێ مووچەیی لە لایەنێك بۆ لایەنێکی دیکە سەنگەری خەبات دەگوازێتەوە، لایەنەکەی دیکە پێی دەڵێن هیچ پلەیەکت نادەینێ چونکە لەناچاری پەنات بۆ ئێمە هێناوە. دەڵێن ماڵەکانی پشت وەزارەتی ..... بەردەوام کارەبایان هەیە، چونکە ماڵی مەسئولێك لەوێ یە.

*دەڵێن مەسئولێك بەواسیتە ..... هەزار مەتر دووجا زەوی لەسەر شەقامی سەد مەتری وەرگرتووە بەناوی کۆمپانیا، بەڵام کردویەتیە بینایە. بڵاوکراوەیەك بەناوی پۆستەبەران دروشمەکەی نووسیوە، نەسەرما نەگەرما کۆڵمان پێنادات.

* کادیرێکی لقی ..... دەڵێت تەکەتولات و ململانێ لەناو لقدا گەیشتۆتە ئاستێك چایچی لقیش کوتلەی خۆی هەیە. بەرێوەبەری دیوانی ..... کۆمپانیایەکی کەل و پەلی کارەبای هەیە گەر زانکۆکان پێویستیان بە فیوزێکی کارەبایی هەبێت دەبێت لیژنەی موشتەریات لەو کۆمپانیایەی بکڕێت.

* لەکۆلێژی ئاداب (کە سێ ساڵ دەبێ ناوەکەی گۆڕاوە بۆ کۆلێژی ئەدەبیات کە چی لە سەر تابلۆکەی نوسراوە ئاداب) ڤیستیڤاڵێکی گەورەی شیعر خوێندەوە پێشەکەشکرا، لە کۆتایی ڤیستیڤاڵەکادا مامۆستایەکان کردیانە هەڵپەڕین و سێپیی و شایلۆغانێك ئەو سەر و ئەمسەری دیارنەبێت.

* لە فلکەی فیتەرەکانی باداوە لەسەر ٤٠ مەتری بەیانیان مرورێکی لێ یە لە ٨ و بۆ ٨:٣٠دواتر بە جێی دێلن و بەخوای دەسپێرن.

alandkurd@yahoo.com